Göteborgs Stad

ئاسایشی دیجیتاڵی
Äldre samt vård- och omsorgsförvaltningen



# ئایا تۆش لەوە دەترسیت کە بە ئینتەرنێت هەڵخەڵەتێنرێیت؟

ساختەکاری بە  ئینتەرنێت خەریکە زیاتر دەبێتە شتێکی باو. لێرەدا کۆمەڵە ئامۆژگاریەکی گرنگت دەدەینێ کە چۆن دەتوانیت خۆت بپارێزیت.

goteborg.se/blimerdigital

# ساختەکاریە باوەکان

» **تۆ ئیمەیڵێکت پێدەگات دەربارەی ئەوەی کە کێشییەک لە کۆنتۆکەتدا پەیدابووە** یان تۆ لۆتۆیەکت بردۆتەوە. ساختەچیەکە دەخوازێت کە تۆ وەڵامی ئیمەیڵێک بدەیتەوە یان کرتەیەک لەسەر لینکێک لە ئیمەیڵەکەدا بکەیت وە زانیاری لەسەر کۆنتۆکەت پڕبکەیتەوە.

**ئاوا خۆت بپارێزە:**
بە ماوسەکە بچۆرە سەر خانەی ئەدرێسەکە ئینجا بۆت دەردەکەوێت کە ئەدرەسی ئیمەیڵەکە سەیرە. کرتە لەسەر ئەو جۆرە لینکانە مەکە و وووریابە لەوەی کە چ جۆرە زانیاریەک بۆ پەیوەندیکردن دەدەیت بەدەستەوە.

» **تۆ تەلەفۆنت بۆ دەکرێت لە کەسێکەوە کە خۆی وا دەناسێنێت لە بەڕێوەبەرایەتی باجەوەیە** و دەڵێت کە تۆ پارەی باجت بۆ گەڕاوەتەوە داوات لێدەکرێت کە بچیتە ژوورەوە بۆ ناو ئینتەرنێت بانکەکەی خۆت.

**ئاوا خۆت بپارێزە:**
ئەگەر کەسێکی نەناسراو زەنگی بۆ لێدایت و تۆ لێی دڵنیا نەبوویت: تەلەفۆنەکە داخەرەوە یان داوابکە بە ژمارەیەکی تر زەنگت بۆ لێدات بۆ ئەوەی بۆت دەرکەوێت کێیە. ئەمەش ئەبێ ڕەچاوکرێت بێ گوێدانە ئەوەی کەسەکە بڵێت خزمی نزیکم لە فەرمانگەیەکەوە زەنگ لێدەدەم یان لە بانکێک یا کۆمپانیەکەوە.

» **کورتەپەیامێکت sms پێدەگات کە لەوە دەچێت لە کۆمپانیایەکەوە بە پۆست نێردرابێت** و داوات لێدەکرێت کە پارەی میرانەیەک یان پاکەتێک بدەیت.

**ئاوا خۆت بپارێزە:**
کرتە لەسەر ئەو لینکە مەکە، زانیاریەکان دەربارەی کۆنتۆکانت پڕمەکەرەوە. ئەگەر تۆ داوات کردبوو پاکەتێکت بۆ بێت، وریابە لەوەی ئایا ڕاستە دەبێت پارەیەک بدەیت.

# ئاوا خۆت بپارێزە

## چوونە ژوورەوەکانت بپارێزە

- کۆد شتێکی تایبەت بە خۆتە و هەرگیز مەیدە بەکەس.
- قفڵی شاشە بۆ مۆبایل، کۆمپیوتەر و ئایپاد بەکار بهێنە، بۆ نموونە بە ژمارەکۆد یان پەنجە مۆر.
- با ئەو کۆدانەی بۆ ئاپەکان و کۆنتۆکان لە ئینتەرنێتدا هەتە لەیەکتری جیاوازبن. نموونە بۆ کۆدی خراپ کە باون ئەمانەیە:
  Pelle19, Fatima82, Tusse2 ,9999 ,1234

## ناسنامەی بانک BankID و ئیمەیڵەکانت بپارێزە

- هەرگیز زانیاری لەسەر کۆنتۆ، کۆدی ناسنامەی ئەلکترۆنی e-legitimation ، بۆ نموونە ناسنامەی بانک BankID یان زانیاری هەستیار مەدە بە کەس.
- بانکەکان و فەرمانگەکان هەرگیز یەکەمین جار بە تەلەفۆن پەیوەندیت پێوە ناکەن یان کورتەپەیامت بۆ ڕەوانە ناکەن تا داواکەن بە ناسنامەی بانک یان بە دۆسەی دڵنیایی Säkerhetsdosa بچیتە ژوورەوە.
- هەرگیز کرتە لەسەر لینکێک مەکە کە لە لایەنێکی نەناسراوەوە بە ئیمەیڵ یان بە کورتەپەیام نێردراوە. ڕەنگە ناوەڕۆکی لینککە ڤایرۆسی زیانبەخشی تێدابێت.

**هەمیشە ئەگەر دووچاری تاوان بویت سکاڵا لای پۆلیس تۆمارکە، زەنگ لێدە بۆ 14 114.**

**ئەگەر تاوانێک بەردەوامە و دەکرێت ، زەنگ لێدە بۆ 112.**

# زیاتر لەسەر ئاسایشی ئینتەرنێت بخوێنەرەوە

## ڕێنوێنیەکانی پۆلیس

پۆلیس ڕێنوێنی و ئامۆژگاری پێشکەش دەکات دەربارەی ئەوەی کە چۆن خۆت لە ساختەکاری دیجیتاڵی دەپارێزیت لە:

https://polisen.se/utsatt-for-brott/skydda-dig-mot-brott/bedrageri/

## چەندین ڕێنوێنی تر لە لایەن شارەوانی یۆتۆبۆریەوە

شارەوانی یۆتۆبۆری زانیاری و ڕێنوێنی هەیە بۆ ئەوانەی کە دەخوازن زانیاریە دیجیتاڵیەکانیان پەرە پێ بدەن لە:

goteborg.se/blimerdigital

*بە مۆبایلەکەت سکانی کۆدی- QR بکە بۆ ئەوەی بچیتە ناو ماڵپەڕێکی دروستەوە.*

## ئایا دەخوازیت زانیاری زیاتر بەدەست بهێنیت؟

سەردانی کتێبخانەی گشتی bibliotek، نوسینگەی هاووڵاتیان Medborgarkontor یان شوێنەکانی بەیەکگەیشتن (خاڵی چاوپێکەوتن Träffpunkt) بۆ بەساڵاچوان بکە.

Göteborgs Stad 220308-001-160 Foto: Vladimir Voronin Tryck: Lenanders Grafiska AB April 2022